**هێندێک لە بابەتەکان**


- ڕیزلێنان لە میرزا عەلی کیتابی
- سپاس و پێزانین.
- گرینگی نووسین بۆ منالان ل 1
- 730 ملیۆن منال، سەردەمی منالیان دزراوە
- ئەدەبییات بۆ منالان ل 3، 4، 5، 6، 7، 8
- وێنەکان خۆیان دەدوێن ل 9
- کتێبی یەکەم بۆ پۆلی یەکەم ل 10


# جیهانی منالان

ژمارە 22 - June 2017

بەشدارانی ئەم ژمارەیە :
**کەریم دانشیار، شەهاب مەنمی، ناسر حسامی، مەجید مارابی، رەحمان بێساران، سوورکێو زەکی، حسین شەبەق، جەمال نەجاری، ئیسماعیل سەلام، جەعفەر کەریمی، ...**

## بۆچی گرینگە بۆ گۆڤاری جیهانی منالان بنووسین؟

منالان داهاتوون. داهاتووی کۆمەڵگا منالان دەینووسنەوە. منالانی ئەمرۆ بەرپرسانی سبەینێی کۆمەڵگان. پەروەردەیەکی باش، داهاتوویەکی باش بۆ داورۆژی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات. بە پێچەوانەکەیشی هەر وایە.

ئێمە هەموومان داگیرکاری شەلاقی لە پشتی داوین و بێعەداڵەتی بینە قاقەی گرتووین. هەموومان گەندەلی خەریکە دەمانخنکێنێ و ناشایستگی بەرێوبەرانی ئەمرۆی کۆمەڵگا خەرێکە ناخمان پڕ لە ناسۆر و ژەهر دەکات. ئایا بۆ نازانین کە ناشایست و گەندەلیش هەر بەرهەمی ئەم کۆمەڵگایەن؟ ئەوانەی ئەمرۆ ژیان و دڵ و دەروونی خەڵکیان پڕ لە ناسۆر و برین کردووە، منالانی دوێنێن. ئەو منالانەی کە دەسپەروەردە و گۆشکراوی کلتوور و ئەدەبییاتی چەوتی داگیرکەران و دەست و پەیوەندەکانیانن. بە هەمان شێوە کە پەروەردەیەکی خراپ، گەندەلی و ناشایستەگی و درۆ و دزی و خۆ بە کەمگرتن و خۆفرۆشی دەخولقێنێ، پەروەردەیەکی شایستە و دادپەروەرانە و ورد و زانایانە و پڕ لە سۆز و خۆشەویستیش، سەروەری و شایستەگی و یەکرووبی و باوەربەخۆیی و دڵسۆزی ڕاستەقینە دەخولقێنێ.

با منالان بە کەم نەگرین. با کات و ئیمکانات بۆ منالانمان تەرخان بکەین. با پەروەردەی منال بخینەی سەروی هەموو کارەکانمانەوە. با هەوڵ بدەین کە ئەدەبییاتێک و کلتوورێک بێنینە کایەوە کە منالان فێری بیرکردنەوە و باوەربەخۆیی و مێهرەبانی و هەست بە بەرپرسایەتی بکات.

لە پێناو ئاسۆ و ئامانجێکی ئاوادا، گرینگە و پیویستە کە هەر ئەمرۆ دەست بەکار بین و وەک وەستایەکی کارامە خشت لە سەر خشت بینای ئەدەبییاتێکی پێشکەوتوو و پۆزەتیو لە سەر یەک دانێین.

ئەدەبییاتێک کە ئەرکی سەرەکی پڕ کردنی دەروونی منال بێ لە خۆشەویستی، لە ڕاستگۆیی، لە باوەربەخۆیی، لە دڵسۆزی بۆ مرۆڤ و پاریزگاری لە سرۆشت و باقی گیانلەبەرانی تەبیعەت. دڵنیا بن کە کەرستەی هەموو ئەو کارانە لە دەروونی خودی منال دا حازر و ئامادەیە. تەنیا پێویستی بە وەستایەکە بە دیزانێکی جوان داییرێژێ. وەرن بنووسین. وەرن خشتەکانتان بێنن. وەرن با ئێمە ئەو وەستایە بین. با بینای داهاتوویەکی باشتر بۆ کۆمەڵگا دابرێژین. **ح. شەبەق**

## میدالیای ڕێزلێنان



ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی ئەم مانگە ( juni ) لە مەراسمێکی پڕ شکۆدا میدالیای ڕێزلێنان لە لایەن کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، بەخشرایە تێکۆشەر و خەباتکاری دێرین میرزا عەلی کتیابی .
ئەم مەراسمە لە وڵاتی نوروێژ بەرێوە چوو .
میرزا عەلی بە هۆی سالمەندییەوە خۆی نەیتوانی بەشدار بێ هەر بۆیە هاورێ یونس بلوری بە وەکالەت ئەم میدالیایەی بۆ وەرگرت.



شایانی باسە لە مەراسمە دا کە بە بەشداری دەیان پێشمەرگەی دێرین و ڕووناکبیر و شۆڕشگێر و نووسەر بەرێوە چوو، میدالیای ریزگرتن بەخشرایە پتر لە 20 کەس لەو کەسانەی کە بەشی زۆری تەمەنی خۆیان بەخشیبووە خەبات و شۆرش و تێکۆشان بۆ ئازادی لە کوردستان. ئەو ئازیزانە کەسانێک بوون کە بە درێژایی ڕۆژگارە سەخت و ڕەشەکان دژی داگیرکاری و دژی بێعەداڵەتی جەنگابوون.
لە ناو ئەو کەسانەی کە میدالیایان پێ بەخشرا هەبوون کەسانێک کە خۆیان بە داخەوە لە قەیدی حەیات دا نەمابوون و هەر بۆیە میدالیاکە درایە دەستی خانەوادە و کەسو کاریان کە لە مەراسمەکە بەشداربوون.

## سوپاس و پێزانین بۆ هەموو هاورێکانم

بەتایبەت کاک شەهاب، کاک سلێمان، ئاسۆ بیارەیی و حوسێن شەبەق.
بەتایبەت بۆ کاک شەهاب مەنمی کە ١٥ ساڵە ڕەنجم پێوەدەکێشێ. تەنها خۆم دەزانم چ ڕەنج و زەحمەتێکی پێوە کێشاوم.
بۆیە دەڵێم و دەنووسم، جگە لە چوار بەردو و سەیوانێک لە گوندی سەرگەڵو هیچ سەروەت و سامانێکم نیە.
کەواتە سەروەتی من مەعنەوییات و شوێنەواری مێشک و قەڵەمەکەمە کە کاک شەهاب، کاک ئاسۆ، کاک سلێمان و کاک ئاسۆکانی دیکە پاراستیویانە و گەشەیان پێداوە، بەڵام حاجی ڕەحیم و حاجی ڕەحمانی گوندەکانی کاک نیعمەت و گوڵ سووتاندیویانە. بەپێچەوانەی حاجی ڕەحیم و حاجی ڕەحمانەکان، کاک ڕەحمانی یەکشەوە بەشێکی زۆری لە شوێنەوارەکەم لە مەرگ ڕزگارکردوو لە کوردستانەوە بۆ ئەوروپای گوێزایەوە . بۆیە بۆ هەمیشە پربەدڵ سوپاسی دەکەم. جێی خۆیەتی پیرۆزباییش لە کاک شەهاب و هاورێیان بکەم کە هەموو ئەرکەکانی کاراکردنەوەو وەگەرخستنەوەی ئەم گۆڤارەیان وەئەستۆ گرتوە.

میرزا عەلی کیتابی 24.05.2017



# 730 ملیۆن منداڵ سەردەمی منداڵیان دزراوە



ئامادەکار: مەجید مارابی

ڕێکخراوی خێرخوازی "سندوقی رزگاری منداڵان" دواین ڕاپۆرتی خۆی لە سەر دۆخی منداڵان لە جیهاندا بڵاو کردوەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە منالی 730 ملیۆن منال لە جیهاندا دزراوە.

زۆرێک لە مرۆڤەکان لە تەمەنی گەورەییدا بیرەوەرییە خۆشەکانی سەردەمی منداڵیان وەبیر دەهێننەوە و لە حەسرەتی دووبارە بوونەوەی ئەو ڕۆژانەن کە بێ دەغدەغەو پڕ لە پێکەنین و یاریکردن بوون.

دەوترێت هەموو ئەو شتانەی کە لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە تاکوو قۆناغی باڵغ بوون ڕوودەدەن، کەسایەتی مرۆڤ لە داهاتوودا بونیات دەنێن و هەستکردن بە ئاسایش، دڵەڕاوکە، شادی، متمانە بەخۆبوون یان گرێی کەسێتی هەموویان ڕەگیان لە سەدەمی منداڵی مرۆڤدا داکوتاوە.

بەڵام بۆ سانیای 5 ساڵان لە هندستان، ماریای 13 ساڵان لە ریۆدۆژانیرۆ یان عومەری 12 ساڵان لە سوریا سەردەمی منداڵی هیچ واتاییەکی نییە، سانا لە ناو زبڵدانەکانی نیودەلیدا زبڵ کۆ دەکاتەوە، ماریا بە هۆی تەقەکردنی نێوان پۆلیس و باندەکانی بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان کوژرا، عومەریش دوای ئەوەی باوکی لە جەنگی سوریادا کوژراو براکەی چوو بۆ شەڕ، بوو بە تاقە سەرچاوەی بژێوی بۆ خێزانەکەی



ئەمانە تەنها 3 نمونە لەو 730 ملیۆن منداڵەیە کە بە وتەی ڕێکخراوی خێرخوازی "سندوقی رزگاری منداڵان" (Save The Children) قۆناغی منداڵیان دزراوە. ئەو ڕێکخراوە لە ڕاپۆرتێکد کە ڕۆژی 31 ی ئایار بڵاوی کردەوە، شەڕ و توند و تیژی، هاوسەرگیری و دوگیان بوونی پێشوەخت، کاری زۆرەملی، تەندروستی لاواز و نەبوونی دەرفەتی خوێندن بە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە لەقەڵمداوە و تەئکیدی کردوەتەوە کە سەردەمی منداڵی لە یەک لە سەر چواری منداڵانی جیهان دزراوە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بارودۆخی ژیانی منداڵانیان لە 172 وڵاتی جیهان تاوتوێ کردوە، دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەوان دەریخستووە کە منداڵانی نیشتەجێی خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەفریقا لەگەڵ زۆرترین هەڕەشە بەرەوروون.

منداڵانی نایجێریا، ئانگۆلا، مالی، کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست و سۆماڵ، چاد، باشوری سودان، بۆرکینافاسۆ، سیرالیئۆن و گینیا ئەو 10 وڵاتەن کە لە بنی بنەوەی لیستەکەدان و تاڵترین ژیانیان هەیە.

منداڵانی نەرویج، سلۆسینیا، فینلەندا، هۆڵەندا، سوید، پرتوگال، ئێرلەندا، ئایسلاند، ئیتالیا، بەلژیکا، قوبرس و کۆریای باشوور بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی سەرەوە ئارام ترین سەردەمی منداڵی ئەزمون دەکەن.

ڕێکخراوی "سندوقی رزگاری منداڵان" لە ڕاپۆرتەکەیدا لە ژێر ناوی منداڵیی دزراو، کۆمەڵێک ئاماری بڵاو کردوەتەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

- لە ڕۆژێکدا نزیکەی 16 هەزار منداڵی خوار تەمەن 5 ساڵان گیانیان لە دەست دەدەن.
- زیاتر لە 260 ملیۆن منداڵ لە مافی خوێندن بێبەشن.
- نزیکەی 170 ملیۆن منداڵ ناچار دەکرێن بە کاری زۆرەملی کە لە نێویاندا 80 ملیۆن منداڵ کاری مەترسیدار ئەنجام دەدەن.
- لە 26% منداڵانی خوار 5 ساڵان بە هۆی توشبوونیان بە چەن نەخۆشییەکی کوشندەی وەکوو، سپتیسمی(ژەهراوی بوونی خوێن)، منیژیت (هەوکردنی مێشک)، ئایدز، سورێژە، کوکە ڕەشە و ... گیانیان لە دەست دەدەن.
- نزیکەی 156 ملیۆن منداڵ لە جیهاندا بە هۆی بەدخۆراکییەوە،چ لە بواری جەستەیی و چ لە بواری دەرونییەوە لە گەشەکردندا ناتەواون.
- لە هەر 80 منداڵ یەک منداڵ بە هۆی شەڕ و توندوتیژییەوە ئاوارەیە
- لە هەر 7 چرکەدا لە هەر 15 کیژۆڵە، یەکێک ناچار بە هاوسەرگیری زۆرەملێ دەکرێت.
- لە هەر 2 چرکەدا کیژۆڵەیەک دەبێتە دایک.



# ئەدەبیاتی منـــاڵان، ئەدەبیات بۆ منـــالان



## پـــەڕتووک

### (هەڵبەستێک بۆ مناڵان)

سوورکێو زەکی

هـاورێکـەی خـۆشـــەویستـم!
لانـەی وێـژەو هـەڵبـەسـتـم!
له خـوێـنـدنەوەی تـۆیــە وا
مـن خـاوەن بیـر و هـەسـتـم
ئـەتـۆی پـــڕ لـە زانـیـاریی
پڕ لە ژیـریی و هۆشیاریی
لـەرێـی تـــۆوە پێگـەیـیـــن
منـــداڵ بـە خـوێـنـدەواری

زانـسـتــی ژمـــارەکـــان
ئـەستێـره و هـەســارەکان
ئەدەب و هەڵبەستی جــوان
شـمشـاڵ، مۆسـیقـا و حەیران
پـزیشکی و ئـــەنـدازیـاریی
سیـنـەمـا و شـانـۆکـاریی
مێـژوو، کۆمەڵ، جـوگـرافی
پـەروەردەی منـاڵ و مافی
بـە سـەدان زانـسـتـی تـر
هـەڵـقـوڵان لـە تـۆ ئـیتر
پێت بـڵـێـم کـە تـۆ کێـمـی؟
تـۆ بـاشـتـریـن هـاورێمـی
تـــۆ پەرتووکی دەسـتــمـــی
هـەر ئەتـۆی مەبەستمـی

## ماندوو نەبی بابە!




کورتە چیرۆک
نووسـەر: نەناسراو
**ناسر حیسامی** کردوویە بە کوردی

باوک، هیلاک لەسەر کار هاتەوە.
کورەکە بەرەوپیری چوو، لێی پرسی: بابە، تۆ بۆ سەعاتێک کار، چەند هەقدەست وەردەگری؟ باوکی بە بێتاقەتی وەڵامی دایەوە: تۆ کارت بە شتی وا نەبێ. دوای ماوەیەک، کورەکە دیسان ئەو پرسیارەی کردەوە و باوکەکە ئیدی لێی توورە بوو. کورەکە ئەمجار کەوتە تکا و پارانەوە: بابە تکایە پێم بڵێ سەعاتی چەند وەردەگری؟
باوکەکە وەڵامی دایەوە: سەعاتی بیست دۆلار.
کورەکە گوتی: دە دۆلار دەدەی بە من؟
باوکەکە دیسان توورە بوو: ئەو هەموو پرسیارەت بۆ ئەوە بوو دیسان داوای پارەم لێ بکەی؟ لاچۆ لەبەر چاوم!
کورەکە چووە ژووری خۆی. دوای ماوەیەک باوکەکە پەژوان بووەوە لەوەی لێی توورە بووە. دەرگای ژووری کورەکەی کردەوە کە دڵنەوایی بکا. کە دەرگاکەی کردەوە، کورەکە بە پەلە و بە شڵەژاوی ئەو پارەیەی کۆ کردەوە کە لە بەردەمی خۆی بڵاوی کردبووەوە و دەیژمارد. باوکەکە بە توورەیی وتی: ئەو پارەیە چییە؟
کورەکە گوتی: پارەی گیرفانمە.
باوکەکە پرسی: چەندەیە؟
کورەکە گوتی: دە دۆلارە.
باوکەکە گوتی: خۆت دە دۆلارت هەیە و داوای دە دۆلاریشت لە من دەکرد؟
کورە گوتی: ئاخر دە دۆلارم کەمە. دەمهەوێ پارەکەم بێتە بیست دۆلار، بیدەم بە تۆ تا سبەینێ سەعاتێک زووتر لە سەر کار بێیەوە.





چیرۆک بۆمناڵان

**نووسینی ڕەحمان بێساران**

بۆ تەواوکردنی ئەم چیرۆکە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم  کە وا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە لە یارمەتیداندا درێغیان نەکرد.
بەتایبەتی  بەڕێزان کاک هادی زیائەدینی و کاک سالار سدقی.
پێدا چوونەوە بەڕێزان ئارەزوو دادفەڕ، کاک هاشم ڕەزایی.

# بەرەو ڕووناکی

لەسەر ڕووبارێکی پڕهاژە و خوڕەی داوێنی دارستانێکی ئەم کوێستانە بەرینەدا  ٫ کۆتەدارێک هەردوو بەری ئەم ڕووبارەی هێنابووە یەک و لێیان ببوو بە پرد و ئاژەڵ و گیانلەبەری گەورە و بچکۆلەی لەمبەر بۆ ئەوبەر ئەپەڕاندەوە ولەوبەر بۆ ئەمبەر ئەیگوێزایەوە.



لە نێو دڵی ئەم کۆتەدارەدا پۆلە مۆرانەیەک ژیانیان بەسەر ئەبرد. ئەم مۆرانانە کەوتبوونە لەشی ئەم کۆتەدارە بەستەزمانە و هەرکامەیان کونێکی بۆ خۆی کردبوەوە  ٫ هەڵی ئەکرماند و ئەیکڕاندەوە. هەر کاتێک تێریان لێ ئەخوارد، پاڵ ئەکەوتن و هەر لەوێ خەو ئەی بردنەوە.

جارێک مۆرانەی ئەم چیرۆکەمان، کە ناوی شەوبیر بوو ٫ کاتێک لە کونەکەی خۆیدا خەریکی هەڵدڕینی دڵی کۆتەدارەکە بوو لە گەڵ مۆرانەیەکی دراوسێ لووتیان تەقی بە لووتی یەکەوە٫ ئاخۆ لە دونیای مۆرانەکاندا بەهەڵکەوت یەکێکیان تووشی ئەویتر ئەبێت. هەردووکیان دەستیان کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆیان بۆ یەکتری.



شەوبیر پاڵی دایەوە و وتی:

- زۆر لە مێژ نییە ٫ جارێک لە ناو کونەکەی خۆمدا شانەێکم لە بەردەم لێ پەیدابوو٫ ئەوەندە تامی خۆش بوو... بڕوام پێ بکە بۆ گێڕانەوەی ئەو شتە نامۆیە ووشەکان زۆر تەسک ئەنوێنن.

مۆرانە دراوسێکە بە بیستنی ئەم هەڵکەوتە کەمێک ڕاما و پاشان لە وەڵامدا وتی:

- ئەی نۆشی ئەو گیانەت بێ. ئەوە منیش جارێک شتێکی لەم بابەتەم لێ پەیدا بوو٫ ئەمەندە بەلەزەت بوو... قەت شتی وا بەلەزەتم دیسان لێ هەڵنەکەوتۆتەوە. ڕازی ئەو شتەم لە هەموو دراوسێکان پرسیار کرد٫ بەڵام کەس لە وادەی ژیانیدا شتی وای نە بەرزار کەوتبوو و نە تەنانەت ناوەکەشیان بیستبوو.



- چەند مۆرانەیەکی بە ئەقڵ هەژاریش جاڕی شێت بوونیان بۆ لێدام  ٫ کە گوایە شتی وا قەت هەڵنەکەوتووە. هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕووم کردە داپیرەیەک و ڕازی شتەکەم لە لا درکاند. بەئەهوەنی لە وەڵامدا پێی وتم:

- ڕازی ئەو شتە مێرووولە ئەیزانێت و بەس!

شەوبیر گورج پرسیاری کرد:

- دەی... دایە پیرە پێی نەوتی؛ مێرووولە  لە  کوێ دەژیت؟

مۆرانە دراوسێیەکە هەناسەیەکی قووڵی لێ هەڵکێشا و وەڵامی دایەوە:

- بە گومانم دایە گەورە خۆی  ٫ مێرووولەی قەت بە چاو دیتبێت و نەشی دەزانی مێرووولە لە کوێ دەژیت. ئاخۆ دایەگەورە کاتێک   ٫ لە وەڵامی پرسیارێک ڕائەما ٫ بۆ ئەوەی وازی لێ بێنن  ٫ دەیوت  ″ وەڵامی ئەو پرسیارە مێرووولە ئەیزانێت و بەس!″.

دوای ئەوەی شەوبیر کۆمەڵێ پرسیاری گەورە و بچکۆلەی نوێ بوو بە هاودەمی بیرەوەرییەکانی پاشان لە مۆرانە دراوسێکە ماڵئاویی کرد و سەری کردەوە بە قرۆڵەکەی خۆیدا و هەمیسانەوە لە کۆتەدارەکەی هەڵئەکرماند و بە دەم خواردنەوە بیری لە بوونەوەرێکی بەڵاجەوی ئەکردەوە کە وا هەموو شتێک دەبیستێ و هەموو شتێک دەبینێ. ئینجا کەوتە قسەکردن لە گەڵ خۆی.

- "وادیارە وەڵامی پرسیارە کانم لە لای مێرووولە بێت! "

کاتێک شەوبیر دەمی لە خواردن ئەکردەوە ، ئەوەندەی لەم کۆتەدارە ئەکڕاندەوە هەتا سکی وەک دانەیەک مۆروو دەئاخنی و پاشان ماوەیەکی زۆر لەسەری ئەنووست.

جارێک خەوێکی ئێجگار خۆش بردبیەوە. خەوی بە قرۆڵی کۆتەدارێکی شیرینەوە ئەدیت. ئەوەندە خۆش بوو، لە بێ هاوتاییدا بێ وێنە بوو. کتوپڕ، چرپە چرپێکی نزم لە خەو ڕایچڵەکاند. زۆر وەڕەز بوو لەوەی لە خەونە شیرینەکەی داچڵەکاوە. چاوی قووچاند بە هیوای ئەوە هەمیسان خەو بیباتەوە بۆ لای کۆتەدارە شیرینەکە. بەڵام بۆ دووهەم جار چرپە چرپەکەی بە گوێ بیستەوە و ئیتر خەوەکەی بە تەواوی لێ زڕا.

- ئەهـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــێ ئەوە کێیە وا چرپەی دێت؟
بەڵام کەس بەدەنگیەوە نەهات هەتا چەن ساتێکی پێ چوو، شەوبیر چرپەکەی هەمیسان بیستەوە. هەتا هێزی تێدا بوو هاواری کرد:
- ئەهـــــــــــــــــــای، های...... هـــــــــــــــــــــای!!!
تۆ کێیت ڕێبوار، وەڵامم بدەوە.
هاوکات لەسەر کۆتە دارەکە مێروولەیەک وەڵامی دایەوە.
- ئەوە کێیە وا دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە؟
شەوبیر بزەیەکی بۆ نیشتە سەر لێو و پێی خۆشحاڵ بوو کە ڕێبوارەکە بەدەنگییەوە هاتووە و تۆزێک لە تەنیایی ناو ئەم کۆتەدارە دێتە دەرەوە.
- ئەوەتا لێرەم لە ناو قرۆڵەکەی خۆمدا. ئەگەر تۆ جارجار پلتۆکێ لە کونەکەی قەراغی خۆت بدەیت، ئینجا من ئەزانم تۆ لە ناو کام کلۆردا بەسەر ئەبەیت، پاشان بەرەو لای تۆ کونەکەی خۆم هەڵئەکڕێنم هەتا هەردووکمان دەگەین بە یەکتر.
شەوبیر وایەزانی ئەو دەنگە دەنگە لە مۆرانەیەکی هاوماڵی خۆیەوە دێت. ئاخە تا ئەو کاتە بێجگە مۆرانە بوونەوەرێکی دیکەی لەسەر ڕێگا لێ هەڵنەکەوتبوو.
مێروولە لەسەر کۆتەدارەکە چکێک سەری خولدا و وتی :
قرۆڵی چی؟ بێ قەزا بیت. خۆمن لە ناو کونا ژیان نابەمە سەر. من لەسەر زەوی دەژیم، خۆ من مۆرانە نیم. من مێروولەم، مێروولە.
شەوبیر سەری سۆڕمابوو. بەحاڵ پروای ئەکرد، جارێک تووشی ببێتە تووشی مێروولەوە.
ئەم کاتەت پڕ لە خۆشی! من نەمدەزانی مێروولە لە زمانی ئێمە تێ ئەگات. زۆر بەختەوەرم لەم ئاشناییەوە.
مێروولە بزەیەکی بۆ کرد و سەری قنج کردەوە و وتی:
- خۆ من مێروولەی سەردەمی زوو نیم. من زمانی زۆربەی بۆنەوەران تێ ئەگەم.
شەوبیر پرسیاری لە خۆی ئەکرد. (ئاخۆ بڵێی خەونەکەم هاتبێتە دی و کانگای وەڵامی پرسیارەکانم دۆزیبێتەوە؟ ) هەر بەم بۆنەوە باسی خواردنە خۆشەکەی بۆ کرد کە ماوەیەك پێش ئەو کاتە لەگەڵ مۆرانە ڕێبوارەکە لە سەری دوابوون. مێروولەکە دەستی کردە پێکەنین و وتی:
- کورە تۆ بۆ ئەوەندە ساکاریت؟ ئەو شتە کە تۆ خواردووتە، ناوی "هەنگووژە" یە. بوونەوەرێکم تا ئێستا لەسەر ڕێگا لێ هەڵنەکەوتووە هەنگووژەی بەزار پێ خۆش بووبێ. ئەم دونیا بەرینە ئەمەندە شتی تام خۆشی تێدا هەڵئەکەوێ، بە جۆرێك کەس قەت بیری ئەوە ناکەویتە مێشکییەوە جارێك هەنگووژە تاقی کاتەوە. هەر دارو، گوڵو و گژوگیایەك تامی تایبەتیی خۆی هەیە.



شەوبیر ئاوری دایەوە:
بەڵام لەو ساتەوە وا من لەبیرم بێت دونیا پڕە لە کونی درێژ درێژو........هەر ئەمەی تێدا هەڵ ئەکەوێت، وا من ئەیکڕێنمەوە.

مێروولەکە وتی:
کورە چاوە ڕاستەکەم، ئەو جێگایە وا تۆی تێدا دەژیت، کۆتەدارێك زیاتر نییە. دونیا ئەمەندە گەورەیە، قەت بە مێشکی من و تۆ پێوانە ناکرێت.

شەوبیر لەمێروولەکە پاڕاێەوە.
وا دیارە تۆ بوونەوەرێکی پسپۆڕ بیت. دەی تۆزێک لەو دونیایەم بۆ باسکە، تکات لێ ئەکەم. من گەلێك تامەزرۆی ئەو دونیایەم وا تۆی لێ دەژیت، وا دیارە تۆ هەمووی گەڕابێتی؟

- کورە لە بەرت مرم. دونیا ئەوەندە پان و بەرینە، بۆ باسکردن نابێت.
- ئەی تو چۆن دەزانی دونیا ئەوەندە گەورەیە، ئەگەر نەگەڕابێتی؟

- ئەمە بابەتی سەرزارە، مەبەست ئەوە نییە من هەموو دونیا گەڕابێتم. زانینی "گەورەیی" دونیا نابێتە مەرجی گەڕان لە هەموویدا.
هەرچی مێروولە زیاتر دەدوا، پرسیارەکانی شەوبیر زیاتر ئەبوونەوە.

- دەی چاکە، ئەی چۆن دەڵێیت دونیا زۆر پان و بەرینە؟

- هەتا هێزی چاو بڕئەکات دارە و دارستان. هەتا تۆش حەزکەی شاخ و ئاوە و دەشت و کێوە
بەڵام مۆرانە نەیهێشت مێروولە قسەکانی دوایی بێنێ. قسەکانی لێ قرتاند:
- لێم ببوورە زۆرم پرسیار لێ کردی. بەڵام من زۆرت لێ تێناگەم لەو شتانە وا بۆت گێڕامەوە.

مێروولە چکێك سەری لەقاند و وتی:
لام وایە هەرچەندەت زۆرتر بۆ بدوێم کەمتر لێم تێدەگەیت. پرسیارەکانت لە مێشکدا زۆرتر ئەبن. جوانتر ئەوەیە لەو کونەدا سەر بێنیتە دەرەوە و خۆت دونیا بە چاوی خۆت ببینی، ئینجا هەموو شتێکت بۆدەرئەکەوێت.
شەوبیر بە دڵپرییەوە وتی:
. درێژەی ئەم چیرۆکە لە ژمارەی داهاتوو بخوێننەوە.

# زەماوەندی مشکە خان



وەرگێڕانی چیرۆکێکی فۆلکلۆر  لە فەرەنسیەوە بۆ کوردی:

**جەماڵ نەجاڕی**

ڕۆژێک لە ڕۆژان باوکە مشکێک و دایە مشکێک هەبوون.

کە کچە بچکۆلانەیەکی زۆر جوانیشیان هەبوو.

مشکە بچکۆلانەکە لە داوێنی پڕ لە خۆشەویستی بنەماڵەکەیدا گەورە ببوو.

کاتێ مشکە بچکۆلانەکە گەیشتە تەمەنی شوو کردن، دایک و باوکی گەلێک پێشنیاریان بۆ زەماوەندی ئەو بیستبوو، بەڵام ئەوان ڕەتیان دەکردەوە و دەیانگووت: ئێمە نامانەوێ کچە تایبەت و نازدارەکەمان بدەینە کوڕە مشکێکی ئاسایی.



ڕۆژێک باوکە مشک ڕووی کردە دایکە مشک کە لە ژێر خورەکە دا خەریکی چنین بوو و گوتی:
ئازیزەکەم بەڕای تۆ چ کەسێک گونجاوە ببێ بە هاوسەری کچەکەمان؟

دایکە مشک وەڵامی دایەوە: بە ڕای من، دەبێ کچەکەمان ببێ بە هاوسەری خۆر،

چونکە خۆر لە هەموو کەسێک مەزنترە لەو جیهانەدا.





دەستبەجێ، باوکە مشک ڕووی کردە خۆر و گوتی:

کاک خۆر،

من داوایەکم لە ئیوە هەیە!

لەبەر ئەوەی ئێوە لە هەموو کەس بەهێزتر و گەورەترن،

دەتانەوێ کچەکەمان بە هاوسەری خۆتان هەڵبژێرن؟

خۆر بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: ئێوە زۆر بەڕێزن،

بەڵام کەسێک هەیە کە لە من بەهێزترە!

باوکە مشک پرسی: کێ دەتوانێ لە ئێوە بەهێزتر بێت؟



خۆر وەڵامی دایەوە: ئەم هەورە.

لە ناکاو هەورێکی ڕەش دەرکەوت و خۆرەکەی داپۆشی. خۆر گوتی: ئێستا بینیت؟ چونکە هەورێک دەتوانێ من بشارێتەوە، من سپاسی تایبەتی دەکەم.


هەر بۆیە باوکە مشک ڕوو کردە هەور و گوتی:

کاک هەور،

من داوایەکم لە ئێوە هەیە !

لە بەر ئەوەی ئێوە بەهێزترینن لە جیهاندا،

من تکا لە ئێوە دەکەم کە کچەکەم بە هاوسەری خۆتان هەڵبژێرن!



هەور بە ئاماژەی دەستی وەڵامی دایەوە:

ئەمە ڕاست نییە، با، زۆر لە من بەهێزترە!

و هاوکات کە هەور ئەم قسانەی دەکرد، با، بە گڤەگڤ و هاشوهووشەوە گەیشتێ.

با، بە فوویەکی بەهێز، پاڵی بە هەورەوە نا بۆ شوێنێکی دوور.

باوکە مشک سەری وەرسووڕاند و ڕووی کردە با و گوتی:

کاک با، ئێوە لە هەموو کەس بەهێزترن لە جیهاندا.

تکا لە ئێوە دەکەم، لەگەڵ کچەکەمدا زەماوەند بکەن.



با گوتی: نا ئەمە راست نییە!

دیوار زۆر لە من بەهێزترە!

ئەو لە جێی خۆی ناجووڵێ، تەنانەت ئەگەر من بە هەموو هێزی خۆمەوە هاشوهووش بکەم و هەوڵی رووخانی بدەم.
با بە هاشوهووشەوە بەرانبەر دیوارەکە وەستاو و بە هەموو هێزی خۆی فووی لە دیوارەکە کرد. بەڵام دیوارەکە تەنیا پێکەنی و بستێک لە جێی خۆی نەجووڵا،

دواتر باوکە مشک لە دیوارەکەی پرسی:

کاک دیوار، لە جیهاندا ئێوە لە هەموو کەس بەهێزترن.

تکاتان لێدەکەم، لەگەڵ کچەکەمدا زەماوەند بکەن!



دیوار گوتی: بەڵام نا، هیچ وا نییە!
ئەو مشکە گەنجەی کە لێرەیە زۆر لە من بەهێزترە!

بە ددانەکانی دەتوانێ ئێشی زۆرم پێ بگەیەنێت !
و لە ناکاو دیوار بە هۆی ئێشەوە هاواری کرد.
مشکێکی گەنج بە ددانە تیژەکانی خەریک بوو سووچێکی دیوارەکەی دەکرۆشت.



باوکە مشک دەستبەجێ ڕایگەیاند کە کچەکەی لەگەڵ مشکە گەنجەکە زەماوەند دەکا و بۆ هەمیشە بە خۆشی ژیانیان بردە سەر.

**بینیت، هەندێجار خۆشی و شادییەکان لە تەنیشت خۆمانن، بەڵام ئێمە هەمیشە نایانبینین.**

**تەواو بوو.**

# دنیای ئێمە بەیانی‌یە

**سروودێك بۆ منالآن و تازە لاوان**

**هۆنراوەی حسین شەبەق.** پاییزی 1371- 1992/زرگوێز

من بولبولی باڵ شکــاوم
دڵدارێکی گوڵ ســووتاوم
دڵم خوێنی گوڵی سوورە
پڕەی دەشتی شارەزوورە
جەهەنـــــەمی ئەم دنیایە
هەرگیز جەستەم پێی رانایە
دنیــای ئێمە بـــــەیانی‌یە
ئاسۆی سەراسەر جوانی‌یە.
شەرارەی خەم لە چاوم دا
گەرووی بەستەم ئاگر دەدا
لە دڵی خوێنم من دەخوێنم
پـــڕ بە دنیا دەنگ هەڵدێنم
جەهەنـــــەمی ئەم دنیایە
هەرگیز جەستەم پێی رانایە
دنیــای ئێمە بـــــەیانی‌یە
ئاسۆی سەراسەر جوانی‌یە.
ئـەی لاوەکان! ئـەی منالآن!
خەرمانی خەم بەن بە تالآن
گۆرانی نـــــــوێ بلێنەوە
گوڵی هیــــــــوا بژێــننەوە
جەهەنـــــەمی ئەم دنیایە
هەرگیز جەستەم پێی رانایە
دنیــای ئێمە بـــــەیانی‌یە
ئاسۆی سەراسەر جوانی‌یە.
نەرگسەکان چـــاو هـەڵێنن
دەشتی ســووتاو بخەملێنن
مەلی شەیدا دەنگ هەڵێنە
بە ســـــەد نەغمە بچریکێنە
جەهەنـــــەمی ئەم دنیایە
هەرگیز جەستەم پێی رانایە
دنیــای ئێمە بـــــەیانی‌یە
ئاسۆی سەراسەر جوانی‌یە.

با بــەهار و شـــەیدایی بێ
پەژارە و خـــەم کۆتایی بێ
ژیـــان ئەمـــــرۆ زیندانی‌یە
دنیــای ئێمــە بـــــەیانی‌یە
جەهەنـــــەمی ئەم دنیایە
هەرگیز جەستەم پێی رانایە
دنیــای ئێمە بـــــەیانی‌یە
ئاسۆی سەراسەر جوانی‌یە.



# چاوەکانمان



هۆنراوەی ئیسماعیل سەلام 05.06.2017

دەشت و دەرە و دۆڵ
چیا و ه ـــــەرد و چۆڵ

بەفـــر و باران و کانی
شار و دێ و ئاوەدانی

دونیای جـــوانی ڕەنگاوڕەنگ
سەیران و گەشت و ئاهەنگ

سروشتی ڕەنگاڵە و ڕەنگین
بەهۆی "چـــاو"، دەیانبینین


بەهای "چاو" باش بزانە
بەشێکی گرینگی ژیانە

بەهای "چاو" زۆر گرانە
ژیــر بە و قەدری بزانە



شاشەی تەلەفزیۆن و
تەلەفۆن و کـــۆمپیوتەر،
گـــەر زۆریـــان بەکاربهێنی
بۆ "چـــــاو" دەبنە بەڵای سەر

**گرینگە پشووو بدەن شەوێ**
**ئـــەوانیش خەویان دەوێ .**




ناڕەوایە و لەوانەشە تا ئاستێک بچێتە خانەی دووڕووییەوە، کە لەڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکاندا، ژوورەکانیان ڕازێننەوە و پارەیەکی باش بەکاربەرن و چنگی منداڵەکان پڕ بکەن لە دیاری و **لە ساتە ئاساییەکانیشدا لەئاستی خواست پێویستیەکاندا نەبن و تەنانەت کات بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکیشیان دانەنێن.**

منداڵ، دەزووی چنینی کۆمەڵگەیە! دەکرێ دەزووی لاواز و سستیش، هەڵوەشانی چـنینی کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. لەبەرئەوە پێویستە دایک و باوکان، زۆر شارەزا و لێزانانە، کات تەرخان بکەن و سەلیقەی وردی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ پەروەردەی منداڵ.

بۆ ئەوەش پێویستە ئەو خۆتەرخانکردنە بەهەند بگیرێت و نەک هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەوە دەستپێبکات، بەڵکو لە ساتی بڕیاردانی ژیانی هاوسەریەوە ڕەچاوی ئەو لایەنە گرینگەی ژیانی خێزانی بکرێت، کە "پەروەردەی منداڵە!"

**کاتێک ژیانی ئێمە پڕ لە نەهامەتی و خەمە،**
**باهەوڵدەین هی ڕۆڵەکانمان باشتر بێت لە هی خۆمان**

ئیسماعیل سەلام ٦ ی ٦ ی 2017

**هـــاورێیان، دۆستـــــان، ئـــــــازیزان!**

هەر بەرهەم و بابەتێکی تایبەت بە جیهانی مناڵانتان هەیە و حەز دەکەن کە مناڵان و گەورەکان ببینن، دەتوان ن بۆ ئەو ئادرەسانەی خوارەوەی بنێرێن تا ئێمەش بە سپاسەوە بۆتان بڵاو کەیەنەوە. بە بەرهەمەکانتان گۆڤاری جیهانی مناڵان برازێننەوە.

Dilan_manmy@hotmail.com

mort-tai@online.no

# وێنەکان خۆیان دەدوێن












وێنەکان خۆیان ئــــــەدوێن




بــۆ یارمەتی و کۆمەک گەیاندن بە منـــاڵان و بەو کەسانەی کە قورسترین دەرد و نەخۆشییان تــووش بووە و بــۆ چارەسەرکردن هیچ سەرمایە و داهاتێکیان نیە، گۆڤارەکەمان هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی ژمارە کۆنتوویەکی بانکی

**810599248559222**

ئەم ژمارە حیسابە، هەموو جارێ لە گۆڤارەکەماندا بڵاو دەکرێتەوە. بەو هیوایەی کەسانێک کە شیاوی یارمەتین، کۆمەکی ئێوەی ئازیزیان بە دەست بگات و لە نەهامەتی و نەخۆشی و دەستتەنگی رزگاریان بێت.

هاورێی ئازیزمان، مامۆستا و دۆستی راستەقینەی منالانی کوردستان، کاک کەریم دانشیار، کۆپییەک لە کتێبەکانی خۆی کە ساڵەها لەوەپێش بۆ فێربوونی زمانی کوردی بۆ منالە چاوگەشەکانی کوردستانی ئامادە کردووە، لە گەڵ نامەیەکی خونچیلانە و جوان بۆ ناردووین. وێرای سپاسی بێ پایان بۆ کاک کەریمی ئازیز، ئێمەش هەر لەم ژمارەوە دەست دەکەین بە بڵاوکردنەوە **کتێبی یەکەم بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی.**

**(** ئەوە وێنەیەک لە نامە جوانەکەی کاک کەریم ە.)


هاورێی هێژای من !
ئەم کاتەت باش . ئارەزوومەندی سلامەتی و
سەربەرزی و سەرکەوتنتم . بەم ئەرکە پیرۆزەی
کە گرتووتە ئەستۆ ، من پێی گەشامەوە .
منداڵی وڵاتانی هەژاری زۆرستەم کەمترین
بەشێک وەشیان هەیە و چێژ لە هیچ بیت
کە وتووتە زۆر ناچێژن . ئەدەبیاتی منداڵانیش
هەڵبەست - پەخشان - چیرۆکی منداڵ لە
ئەدەبیات دا دەبیندرێ .
بەهیوام کاک حسێن و یارانی بتوانن ماڵێک
هەڵوەژێرن و "منداڵ" و ئەدەبیاتەکەی بە کۆمەڵگا
بناسێنن .
من وەک یاریکارێک لە خزمەت دا دەبم و ئەوەندەی
لە دەستم بێ دەیکەم .
بەئاواتی سەرکەوتنت - چاوەکانت ماچ دەکەم
برات کەریم
2017 - 05 - 30




مامۆستای هێژا !

دایک و باوکی بەڕێز !

ئەوەیکە لەم کتێبۆکەیەدا دێتە بەرچاوی پڕ سەرنجتان، من قەت پێم وانییە ئەمە بابەتێکی تاکانەی یەکدانەیە و، نایابترین و ڕەسەنترینی ئامرازی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی جگەرگۆشەکانی کوردە و دوایی بە هەموو شتێک دێنێت.. نەخێر هەر نەک ئەم بەرهەمە بچووکە، بەڵکە چی بەدوای ئەمە و ئەوانی تریش دا دێن ، هیچیان ناتوانن ببنە خاڵی ئاخر و لە کۆتایی ئاخ ر ڕستەی ئەم بوارەدا دابندرێن. چونکە هەتا گەشە و پێشوەچوونی زانستی بەرەی مرۆڤ لە ئارا دا بێت ، لە زانستی ڕاهێنان و پەروەردە کردنیشدا تازە دێت و سەری کۆن دەخوا و خۆیشی کۆن دەبێ و هەر بەو دەردە دەچێت کە کۆنەکانی تری پێچوون. بەڵام مەبەست لە نووسین و پێشکەش کردنی ئەم بەرهەمە چەندلاپەڕەیە ، هەربەس نیاز و ئارەزووی خۆمی تێدا بەستە بووە و چی تر. دە سا با بە گوتەیەکی ڕاست و ڕەوانتری بێژم کە ئەمە مزە و مافی خۆمە و دەیدەمەوە بەخۆم ؛ مزە و مافێک کە بەبۆنەی تێپەڕینی بیست و هەشت ساڵ تەمەنی مامۆستایەتی و دەرس گوتنەوەم لە لادێ و شار و شاخەکانی کوردستان و لە تاراوگە و دەربەدەریدا و ، بەهۆی داهاتنی کاتی خانەنشینیم ، پێشکەش بە بیر و یادگارە لەگیان چەسپاوەکانی خۆمی دەکەمەوە ؛ بیر و یادگارانێک کە یەکدەم لێم دوور نابنەوە و قەت لە مێشکم هەڵناقرتێن. بیر و یادی ئەو کیژ و کوڕە تێکۆشەرە ئازیزانەم مەبەستە کە سەر و سەدەمێک زارۆکی تازە پێگرتووی پۆل و کلاسەکانی من و ئەوانی تر بوون.. ئەوان گەورە بوون و ڕسکان و هەڵیان دا و بوون بە پێشمەرگە و لە مەتەرێزی شەرەف دا گیانی پاکیان دەبەر ئاواتی گەلەکەیان مراند. پێشکەش بە هەموو ئەو یاد و بیرەوەرییە بایەخدارە هێژایانە بێت ، کە من خۆمیان تێدا دەبینم و ئەگەر ئەوانم نەمێنن ، هیچم نامێنێت.

بروانە لاپەرەی 11

کتێبی یەکەم

بۆ

پۆلی یەکەمی سەرەتایی

نووسین و ئامادەکردنی :

کەریم دانشیار

سوید ـ 1994

هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبە، بەو مەرجە ئەگەر بۆ کەڵک لێ وەرگرتن بایەخێکی ان هەبێت و شیاوی دەکارهێنان بن ، ئەوا ماڵی هەموو کەسێک ن و هە ر کەسێک بۆی هەیە و دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێت ، بەڵام بۆ فرۆشتن قەت قەت نا !

بە ئەوپەڕی ڕێزم ـ کەریم دانشیار

بەڕێزان !

ڕوون و ئاشکرایە، نووسینی کتێبی (ڕاهێنان و پەروەردەکردن )ی منداڵ، کارێکی یەکجار زۆر حەستەم و گرنگە و بۆ ئەوە نابێت تاکە کەسێک خۆی لە قەرەی بدات و یەکتەنە و دڵخوازانە خۆی بەم گۆمە مەندە قووڵە دابکات. لەڕاستیدا، کتێبی(ڕاهێنان و پەروەردەکردن )ی منداڵ پۆلی یەکەمی سەرەتایی ، کە لە یەکەمین هەنگاودا هەست و مێشکی ناسکی منداڵ شەقڵ لێ دەدات و لە دووەمین هەنگاودا یەکەم بەردی بناغەی کەسایەتیی داهاتووی منداڵەکە پایەڕێژی دەکا ت. وەزیفەی سارشان و ئۆباڵی ئەستۆی کۆمەڵێک پسپۆڕی لێهاتووی زانایە و دەبێ ئەوان بە کۆمەڵ ئەم حەلاڵە وەئەستۆ بگرن. خۆ دیارە و ئەگەرچی کورد پیاوی زانا و پسپۆڕی کەم نییە و لە خودێ بەزیاد بێ ، دەکرێ بڵێین بە هەزاران و هەزارانن، لێ مخابن چەلێ هیچ دوو زانایەک، هیچ دوو هونەروەر و هونەرمەندێک، هیچ دوو پیشەوەرێک، هیچ دوو کرێکارێک، هیچ دوو مامۆستایەک و هیچ دوو ڕێناس و ڕێزان و ڕێبەرێک لەناو ئێمەدا یەک نین و یەکتر بە هیچ نازانن. هەر بۆ یەشە، زۆر تێدەکۆشین و قەت هیچمان دەست ناکەوێت. هەر لەم بوارەشەوە من پێم وابووە دانیشتن بە هومێدی یەککگرتن (چەلێ) نەخشی سەرئاوە و نەخشی سەرئاو قەت نابێتە گوڵ و لە سەر سنگی کەس جێ ناگرێت. هەربۆیە منی یەکتەنە خۆم بەم دەریا ئەوسەر نادیارە دا کردووە و بە ناچاری پێموایە بوومەتە مەلەوانی ئەم گۆمە مەندە قووڵە.

لەم کتێبۆکەیەدا ئەم بابەتانەم ڕەچاو کردوون :

1 ـ نەزمی لەمێژ داڕێژراوی(ئەلفوبێ)م لەبەرچاو نەگرتووە، واتە بەپێی تەرتیبی پیتی ئەلفبایی نەچوومە پێش. ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە هەوڵم داوە هەر لە سەرەتاوە وشەی زۆر هاسانی یەک کەرتی(یەک سیلابی) دەکار بێنم و وشەگەلێکی کە مێشکی تازەکاری منداڵ تاقەتی پێ ناشکێت، خۆیان لێ بپارێزم . بەڵام بەرە بەرە و پێ بە پێ دەگەڵ خوێندنی پیتی ئەلفبایی، منیش هەوراز هەڵکشاوم و وشەی چەند کەرتیم لە تێکستەکاندا گونج اندووە. بە کورتی ، لە سەرەتادا هەر ئەو وشە ساد ە و ساک ارانەم دەکار هێناوە کـە م ندا ڵ دەگەڵ(دەنگ و دەنگبزوێنەکانیان) ئاشنا بووە. واتە بەپێچەوانەی کاری هەندە مامۆستایەک، کە هەر لە سەرەتای کتێبەکەیاندا پیتی خوێندراو و نەخوێندراویان لێک هاڵاندووە و وشەیان لێ ساز کردووە ، من ئەمەم نەکردووە.

2 ـ دوای هەر چەند دەرسێ ک ، تـەمرینی مامۆستا و قوتابی دەست پێدەکات ، کە ئەم بەشە گرنگترینی بەشی کتێبەکەیە و پێویستە مامۆستا تەمرینەکان بۆ قوتابی بخوێنێتەوە و لە ئەنجامدانیان دا یاریکاریان بێت. بە کورتی، لە بەشی(تەمرینی مامۆستا و قوتابی) دا، مامۆستا دەیخوێنێتەوە و قوتابی ئەنجامی دەدا.

3 ـ مەشق و تەمرینەکانم بە چەشنێ ک ئامادە کردووە کە بکرێت هەر لەسەر کلاسی درس دا کاری لەسەر بکرێت و حەوجێ بە کات و کاری زیاتری نەبێت.

4 ـ ئەوەندەی بۆم ڕوخسابێت، نەم هێشتووە ڕەنگ و بۆنی زاراوەی ناوچەیی و هەرێمی بەسەر تێکستەکاندا قورسایی بکات ؛ نە زاراوەی ڕەبەق سلێمانی و نە گەڕووسی و نە موکریانی؛ بەڵکە ئەوەندەی بۆم لوا بێت، خۆم لە وەسییەتنامەکەی مامۆستا (هێمن)ی مەزن نزی ک کردۆتەوە و بەو زمانە هاتوومەتە گوت ن، کە لە قەدیمەوە ئەدەبییاتی نووسراوەی کوردی پێ نووسراوە.

5 ـ ڕێنووسێکی بچکۆلانە و دەفتەرێکی تەمرینی(ئەلف و بێ)یشم بە جیا ئامادە کردووە کە دەفتەری تەمرینی ئەلف و بێ، لە یەکەم مانگی دەسپێکردنی دەرس، لەژێر چاودێری و ڕێنوێنیی مامۆستا و دایک و باوکە بەڕێزەکاندا بە ئەنجام دەگات. بەڵام ڕێنووسەکە بۆ منداڵەکان نەنووسراوە و هەر بەس بۆ چاوپێداخشاندنێکی مامۆستای بەڕێزە کە لە ئاخری بابەتەکانی ئەم کتێبۆکەیەدا هاتوە.

6 ـ لە نووسینی ڕستە و فێرکردنی ڕستەدا، ئەوەندەی بۆم لوابێت، ڕستەی هاسان و وشەی کورتی یەک کەرتی و وشەی خوێندراوی دەرسی پێشووم هێناوەتەوە. دیارە لە بەشی(تەمرینی مامۆستا و قوتابی)دا، وشەی تازە گونجێندراویش هاتوە کە قوتابی بە یارمەتیی مامۆستای بەڕێز فێریان دەبێت.

7ـ لە تێکستەکاندا، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەمە دراوە کە هێما و نیشانەگەلی وەک: دانانی ( نوختە) واتە خاڵی ئاخر لە کۆتایی ڕستە، دانانی کاما( ،) لەجێگای پێویست ، هەروەها نیشانەی پرسیار ی(؟) ، نیشانەی سەرسوڕمان(!) نیشانەی وتووێژ ( :ـ ) بە منداڵ بناسێندرێت، کە لێرەدا ئەرکی مامۆستای بەڕێز و خۆماندووکردنی دایک و باوکە دڵسۆزەکانە هومێدی سەرکەوتنی منداڵەکان مسۆگەر دەکات.

8 ـ ئەوەندەی توانیبێتم، هەوڵم داوە کەرەسە و ئامێر و ئامرازی کۆنی وەک (داس، دەستاڕ ، گاسن، سوێنە و سەلە و سەبەتە و...) کە بەرە بەرە لەبەر دەستاندا نەماون و تەنانەت ناوەکەیشیان بەرەو بیرچوونەوە دەچێت، لە تێکست و دەرسەکاندا ناویان نەهێنم .

9 ـ بۆ هەر دەرسێک چەند وێنە و ڕەسمم نەخش کردووە ، کە هیچ کام لە وێنە و ڕەسمەکان لە سەتاسەت کاری خۆم نین ؛ هەموویانم لە ئینترنێت هێناونەتەوە و پاش سەر و گوێ بڕین و ڕەنگ و بۆیە لێدانێ کی ساکارانە، کردوومنەتە نەخشی بابەت بۆ تێکستەکان. بۆ وێنە کچ و کوڕی چینی و ژاپۆنی ـ م وەرگرتووە ، جلکی کوردیم دەبەر کردوون و کردوومنەتە کورد. دیارە بەهۆی دەست و قەڵەم کۆڵیم لە نەخشاندن و ڕەنگاندن دا، ئەم ئاڵوگۆڕ و مۆنتاژکردن و ڕەنگ و بۆیەلێدانەش کات و وەختێکی فرە زیادی گرتووە و دەکرێ بڵێم بۆ سازکردنی هەر وێنەیە ک، چەندین کاتژمێر (کات )ی ویستووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەوانەیە نەخش و وێنەکان زۆر لە بەر دڵان نەبن و هاو واتای تێکستەکان نەیەنەوە ، هەربۆیە هیوادارم کەسێکی دەست و قەڵەم ڕەنگین هەڵکەوێ و کەم و کووڕییەکانم بۆ پڕ کاتەوە. زۆر پێویستە داوای لێبوردن لە سەرجەم ئەو هونەرمەندە هێژایانە بکەم کە بەبێ پرسی پێشەکی، کەڵکی بێ پرس و ڕام لە بەرهەمەکانیان وەرگرتووە. بەتایبەت لە ماڵپەڕی(سنە)، کە چەند وێنە و تابلۆی ئەوانم بە قەرز وەرگرتووە و لە کتێبەکەدا گونجاندومن. دیارە ئەگەر دەستم بە هونەرمەندانی هێژای وەک: کاک مێهدی زیائودینی و کاک بێهزاد تارا و هونەروەرانی هێژای دیکە ڕابگات، سپاس و پێزانینی خۆمیان پێ ڕادەگەیەنم و ئەگەر قەت نەتوانم زیارەتیان بکەم ، ئەوا دەبێ بڵێم پشک و بەشی ئەوانیش لەم کتێبۆکەیە دا هەیە و جێیان لە سەر سەر و لە سەر چاوانی منە. ئاخر قسەم ئەمەیە و ناکرێت فەرامۆشی بکەم کە، ئەم کتێبە و چەندێکی ترم ، هەرچەند زۆر لەمێژ بوو بۆ چاپ و ب ڵاو بوونەوە ئامادە کرابوو ن و ، ئەگەرچی لە لایەن بەڕێوەبەرانی نووسینگەی ئۆرگانێکی کوردی لە ستۆکهۆڵم ـ یش دەستی چاپکردنی هەرچی زۆتر(ئورژانس)ی ان بۆ لەمل درا و ئۆرژینالی کتێبەکانیشان بۆ چاپکردن بە پەلە لێ وەرگرتم ، بەڵام درۆیان دەگەڵ کردم و ئۆرژیناڵەک انیشم تێدا چوو ن، بەناچار چەند ساڵێکیان دەگەڵ خەریک بوومەوە و سەر لەنوێ سازم کردنەوە. بەڵام لەو ساوە هەتا ئیمڕۆ بە هۆی نەبوونی ئیمکانی چاپکردنی ان، بە چاپ نەکراوی هەر بە سەر دەستی خۆمدا مابوونەوە هەتا سەرەنجام باڵی بەرزەفڕی ئینتەرنێتم بە فریا گەیشت و جێی بەتاڵی وادە و بەڵێنی بێ ناوەرۆکی ئەم و ئەوانی بۆ پڕ کردمەوە...

به ئەوپەڕی ڕێزەوە کەریم دانشیار ـ سوێد25 ی سەرماوەزی1994

درێژە لە ژمارەی داهاتوو

## "زیلان زیرەکە"



زیلان جوانە وریا و چووکە

ژیر و ئازا و ڕەزا سووکە

هەمو ڕۆژێ کاتی بەیان

لە فێرگەیە بە بێ وچان

کاتێک دەم و چاوی دەشوا

پاشان نان و چایی دەخوا

جلک و پێڵاو لە بەر دەکا

بەرەو خوێندنگە رادەکا

بە روخساری پر لە خەندە

وەکو ئاسک شۆخ و شەنگە

دایکی لە ئامێز دەگرێ

بە رەو زانین ڕێگا دەبڕێ

وێرای دۆست و کیژ و کوران

دەچێتە لای فێرگەکەی جاران

بۆ لای مامۆستا کەی خۆی

تا لێی فێر بێ دەرسەکەی

زمانی کوردی فیر دەبێ

تا بە کوردی گەورە ببێ

بۆ کورد و بۆ کوردوستان

تیدەکۆشێ بە دڵ و بە گیان

**جەعفەر / کەریمی**

**تورکو / فینلاند**

## لە ئێران 7 ملیۆن منداڵ کاریان پێدەکرێت

لە میانەی لێدوانێکیدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی کاری منداڵان، سارا رەزایی، چالاکی بواری مافەکانی منداڵان بە ئاژانسی ئیسنای ئێرانی ڕاگەیاند، لە ئێراندا زیاتر لە 7 ملیۆن منداڵله بارودۆخێکی نالەباردا کار دەکەن. بە وتەی ئەو چالاکەی بواری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران زۆربەی منداڵانی کار سەرقاڵی" گوڵ فرۆشن و دەستگێری و کۆکردنەوەی زبڵن" و بەشی هەرە زۆریشیان لە خوێندن بێ بەشن.

پێشتریش ف رانک ئیمانی، سەرۆکی بەشی زیان دیتوانی کۆمەڵایەتی سازمانی بێهزیستی ئێران، ئاشکرای کرد کە تەنها کەمتر لە یەک لە سەر سێی منداڵانی کار لە ژێر چاودێری رێکخراوەکەیاندایە. چالاکانی بواری مافەکانی منداڵان نیگەرانن لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان و هەندێک جار بنەماڵەکەشیان ناچارن بە کۆکردنەوەی زبڵ کە تەمەنی نێونجیان 12 ساڵانە و لە بەردەم هەڕەشەی چەندین نەخۆشی کوشندەدان.

ئەوەش لە کاتێکدایە بە گوێرەی مادەی 79 یاسای کاری کۆماری ئیسلامی ئێران، کارکردن بە منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ قەدەغەیە و بۆ منداڵانی 15 تا 18 ساڵانیش دۆخێکی تایبەت بۆ کارکردنیان دەستنیشان کراوە، بەڵام بە بۆچوونی چالاکانی بواری مافەکانی منداڵان لە ئێراندا کار بەم یاسایە ناکرێت و تەنانەت ناوەندە حکومییەکانیش راستی ڕێژەی ئاماری منداڵانی کار و منداڵانی سەر شەقام لە ناوەندە جیهانییەکانی پارێزەری مافی منداڵان دەشارنەوە، بە جۆرێک کە دەڵێن تەنها 2 ملیۆن منداڵی کار لە ئێراندا بوونیان هەیە. بە گوێرەی دواین راپۆرتی رێکخراوی خێرخوازی "سندوقی رزگاری منداڵان" ئێران لە نێوان 172 وڵاتی جیهان لە ریزبەندی هەشتایەمدایە لە بواری پێشێلکاری مافەکانی منداڵاندا.

(12ی حوزەیران) رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان

رێکخراوی نێودەوڵەتی کار لە ساڵی 2002دا، بە مەبەستی هەڵگرتنی هەنگاوی جیدی و هەماهەنگی جیهانی بە مەبەستی نەهێشتنی منداڵانی کار، رۆژی 12ی حوزەیرانی وەکوو رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان دەستنیشان کرد و دەستی هاوکاری و هەماهەنگی بۆ دەوڵەتان، خاوەنکاران، رێکخراوەکانی کار، کۆمەڵگەی مەدەنی و ملیۆنان مرۆڤ درێژ کرد بۆ ئەوەی هەنگاوی کاریگەر لەو پێناوەدا هەڵبگرن.

رێکخراوی جیهانی کار دەڵێت، لە سەرتاسەری جیهان زۆرێک لە منداڵان ناچارن بە کاری ناوماڵی بێ هەقدەست، ئەم منداڵانە لە بەردەم زۆرترین و زیانبارترین جۆری چەوسانەوەدان، کە کاری ئەوان بە زۆری شاراوەیە لە چاوی کۆمەڵگا، ئەم منداڵانە لە بەردەم هەڕەشەی کۆشەگیریدان و لەوانەیە زۆربەیان دوور لە خانەوادە و کەس و کاریان بچەوسێنرێنەوە.

بە پێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە 300 ملیۆن منداڵ لە گۆشە و کەناری جیهان کار دەکەن کە زۆربەیان ناخوێنن و دەرفەتی گەمەکردن و تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵیان نییە و لە خواردنی باش و چاودێری تەندروستی و بە گشتی لە د ەرفەتی منداڵ بوون بێ بەشن. زیاتر لە نیوەی ئەم منداڵانە لە بەردەم خراپترین جۆرەکانی کاری منداڵدان، لەوانە کارکردن لە ژینگەی ترسناک، کۆیلەتی یان شێوەکانی تری کاری زۆرەملی، چالاکی نایاسایی وەکوو قاچاخچییەتی مادەی هۆشبەر و لەشفرۆشی و بەشداری پێکردنیان لە چالاکی چەکدارانەدا.

**ئامادەکار: مەجید مارابی**